ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**جووڵانەوە لە FlashMX، بەشی یەکەم.**

نووسەر: Kurdo
@: Kurdboy70@Hotmail.Com

جووڵانەوە لە فلاش، لەم بابەتە دا تیشک دەخەمە سەرچەند کردارێکی گرینگ کە بەو بەرنامە جوانە دەکرێت، بۆ نموونە کرداری ماسک کردن (Mask)، وە کرداری (Shapebetween)، وە (Motion Between) و دروست کردینی سومبول و ڕاکێشانی وێنە بۆ ناو فلاش، وە زۆر شتی تر...

فلیمی ئەم جارەمان بریتی یە لە وێنەیەک کە بەهۆی چینی ماسکەوە چەند هەنگاوێکی جوان بۆ وێنەکە دروست دەکەین. پاشان پەپولەیەک بە کرداری Add Motion Guide وای لێ دەکەین کە بە ناو وێنەکە بفرێت.

ئێستا بڕۆ بەرنامەی فلاش بکەوە پەڕێکی نوێ بکەوە.




ئێستادوایی ئەنجام دانی ئەم کارەی سەرەوە

دەبینین پەڕێکی سپی کراتەوە ئەم پەڕە پێ ی دەوترێت Stage، گەر تەماشای بەشی Timeline بکەین کە لەسەرەوەی پەڕەسپی یەکەیە. دەبینین یەک چین هەیە بە نێوی layer 1 . ئێستا دەبێت چینێکی تری بۆ زیاد بکەین. ئەوەش بەم شێوەیە دەبێت، تۆ دەبێت چینی layer 1 دیاری بکە.




وەک لە وێنەکە دیارە. کلیک بکە سەر ئاکۆنی زیادکردنی چین بۆ زیاد کردنی چینی دووەم، ئێستا دەبێت دوو چین هەبێت layer 1 وە Layer 2 .

من دەمەوێتئەمدوو چینە بکەم بە ماسک .




وەک لە وێنەکە دەردەکەوێت، کلیک ڕاست بکە سەر Layer 2 پاشان Mask هەڵبژێرە، ئێستا چینی Layer 2 دەبێت بە Mask layer وە چینی layer 1 دەبێت بە masked layer .




تۆش وەک من چینەکان ناویان لێ بنێ، دەبیلت کلیک بکە سەر ناونیشانی چینکە کە Layer 2 ە، دەبینین دەتوانین ووشەی Layer 2 بسڕینەوە لە شوێنی بنووسە Mask layer ، پاشان کلیک بکە سەر Enter لەسەر کیبۆردەکەت، دەبیندرێت ناوەکە گۆڕا، بە هەمان شێوە چینی layer 1 بگۆڕە بۆ masked layer.

لە تەنیشت چینەکان وێنەی قوفلێک هەیە، ئەوە ئەوە دەگەیێنێت کە ئەم چینە قوفول دراوە ناتوانی هیچ گۆڕان کاری یەک تێدا بکەیت. بۆ یە ئێستا لە چینی masked layer یەک جار کلیک بکە سەر قوفلەکە دەبینین لادەچێت، مانای ئەوە دەتوانین بە کەیفی خۆمان چینەکە دەست کاری بکەین.

ئێستا لە لیستی Timeline دەبێت ماودەی کاتەکە درێژتر بکرێت، گەر سرنج بدەینە هەردوو چینەکە دەبینین، هەردووکیان بەس یەک فرێمان هەیە Frame کە بریتی یە لە Frame 1 ئێستا دەبێت فرێمی هەردووکیان درێژتر بکەین بۆ Frame 25, بە میشکی کۆمپیتەرەکەت، کلیک چەپ بکە سەر Frame 25 وە پەنچەت بهێڵە لەسەر واتە ڕایگرە وە لە هەمان کاتدا ڕایکێشە خوارەوە بۆ ئەوەی هەردوو فرێمی چینەکان بەیەک کات دایری بکرێن کاتێک هەردوو فرێمی 25 ی چینەکان دیاریت کردن،




پەنجە بنێ بە F5 لەسەر کیبۆردەکەت.




من لە چینی masked layer وێنەی باکگراوەند دەدەنێم، تۆ دەبێت لە پێشەکی وێنەیەکت ئامادەکردبێت بۆ باکگراوەندەکە. ئێستا چینی masked layer دیاری بکە، پاشان کلیک بکە سەر File/Import/Importtostage.کلیک بکە




پاشان پەنجەرەیەکی ترت بۆ دێت لەوێ دا وێنەکە بدۆزەوە، کلیک بکە سەر Open بۆ هێنانی وێنەکە بۆ ناو Stage.
بە ئامرازی Selection Tool یەک جار کلیک بکە سەر ئەو وێنەی کە تازە گواستمانەوە بۆ ناو چینی masked layer بۆ دیاری کردینی، ئێستا دەمەنەوێت وێنەکە بگۆڕین بۆ گرووپ، باشە وێنەکەمان د یاری کردووە، بۆ گۆڕینی وێنە بۆ گرووپ کلیک بکە سەر Ctrl+G یان..




ئیش مان بە چینی masked layer نەما، بۆ یە کلیک بکە سەر قوفلەکە بۆ ئەوەی ئەم چینە قوفل بدرێت، بۆ ئەوەی کاتێک لە چینەکانی تر ئیش مان کرد با بە هەڵە دەست کاری ناوەڕۆکی ئەو چینە نەکەین.

ئێستا چینی Mask layer دیاری بکە وە قوفلەکەی لەسەر لابەرە.
بە ئامرازی Oval Tool لە ناوەڕاستی وێنەی باکگراوەندەکە چەماوەیەک بکێشە.




دەتوانی بە ئامرازی Selection Tool شوێنی چەماوەکە بگۆری وە بە ئامرازی Free Transform Tool دەتوانی قەبارەی چەماوەکە گەورەو بچووکی بکەی.
ئێستا دەبێت لە چینی Mask layer لە Frame 8 دا KeyFrame زیادبکەین، باشە برۆ Frame 8 دیاری بکە پاشان کلیک بکە سەر F6 لەسەر کیبۆردەکەت یان، کلیکی ڕاست بکە سەر Frame 8 پاشان Insert Keyframe ...




بەهەمان شێوە Keyframe بۆ Frame 17 و Frame 25 زیادبکە.
پاشان Frame 8 دیاری بکە بە ئامرازی Free Transform Tool ، چەماوەکە هەندێک گەورەتر بکە .



پاشان Frame 17 دیاری بکە بە هەمان شێوە بە ئامرازی Free Transform Tool چەماوەکە گەورەتر بکە.
پاشان دواترین فرێم دیاری بکە کە Frame 25 ە، بە هەمان شێوە بە ئامرازی Free Transform Tool چەماوەکە زۆر گەورە بکە بە هەموو وێنەکەی باکگراوەند بشارێتەوە.
دەبێت Shapebetween لە نێوانیان دروست بکەین.
ئێستا لە نێوان 1 Frame و 8 Frame فرێمک دیاری بکە لە نێوان 2 وە تاکو 7 ،پاشان لە خوارەوە لە بەشی Properties .
پەنچەرەیەکی بچووک هەیە لە تەنیشت Tween
لە ناو پەنچەرەکە Shape هەڵبژێرە.




دەبینین سەهمێک زیاد دەبێت لە فرێمی 1 دەچێت بۆ فرێمی 8 ، وە لە نێوانیان ڕەنگەکە گۆڕاوە بووتە بە ڕەنگێکی کەسکی کاڵ.
بە هەمان شێوە Shapebetween لە نێوان Frame 8 و Frame 17 و Frame 25 بکە.
ئێستا دوایی ئەنجام دانی ئەو هەنگاوەی سەرەوە دەبێت وەک ئەو وێنەیە لێ بێت.



ئێستا دەتوانی فلیمەکەت تاقی بکەیتەوە ، بۆ ئەم کردارە کلیک بکە سەر Ctrl+Enter
مەبەست لە دروست کردینی چینی ماسک ئەوەیە کاتێک وێنەکە دێت، چینی ماسکەکە وای لێ دەکات وەک پەردەیەک لە ڕووی وێنەکە ڕابماڵدرێت، ئەوەش جوانی یەک دەبەخشێت بە فلیمەکەت.
شایەنی باسە چینی ماسک زۆر گرینگە وە زۆر یش لە ماڵپەرەکان بەکاردێت دووگمەی زۆر جوانی پێ دروست دەکرێت.
بەشی دیکەش بەڕێوەیە.

Nov 2005 18

Dentist in Poland
Professional Dental Care in Poland Implants, Crowns, Bridges, Veneers

Tighten Sagging Skin
30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin

Ads by Google